چەند راو سەرنجێك دەربارەی نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان

ئیسماعیل رۆژبەیانی

لەبەر ئەوەی منداڵان ئاواتی دوا رۆژمانن. ئەستێرە گەشەی ئاسمانی ژیانمانن.. پارێزەری دەستکەوتەکانی خۆمان و باو باپیرانمانن.. پیاوی دوا رۆژی وڵاتن.. جا بۆیە هەر لە کۆنەوە لەم روانگانەوە تەماشاکراون (چی لەلایەن دایك و باوکەوە چیش لەلایەن مامۆستاو هونەرمەندو رووناك بیرەکانی دیکەوە)، لە پێناوی پەروەردە کرد نیشیان دا جۆرەها رێگای راست و لەبار گیراوەتە بەر. یەك لەو رێگایانەش ئەدەبە، بەتایبەتی چیرۆك «چونکە چیرۆك لە هەموو لقەکانی دیکەی ئەدەب زیاتر تەعبیر لە واقیع دەکات چی بۆ گەورە بێ چی بۆ منداڵ. جا بۆیە بەچاکترین هۆ دادەنرێت بۆ پەردە لابردن لەسەر نهێنییەکانی ژیان.

هەر ئەم هۆیەشە وای لەم لقە ئەدەبییە کردووە بەم پانتاییە بڵاو ببێتەوە.»[1]

من بە خۆم چارەکە سەدەیەك زیاترە مامۆستای سەرەتاییم لەم ماوەیەدا زۆر بە چاکی بۆم روون بۆتەوە ئەو وانانەی وا بەشێوەی چیرۆك ڤالایان دەکەمەوە گەلەك بە ئاسانی و پوختەیی لێی دەگەن، چونکە منداڵ زۆر بە تاسوقەی ئەوەوەیە گوێ رایەڵی چیرۆك بێ.

لەم کاتەش دا بە هەموو بیرو سۆزو هۆشییەوە تێکەڵاوی رووداوەکانی دەبێت. هەر وەها لەگەڵ کەسەکانی نێو چیرۆکەکەش دا دەژێت، بە ئارەزوویەکی بە تینیشەوە چاوەروانی ئەنجامی رووداوەکانی دەکات. جاری وا هەبووە لە گێڕانەوەی چیرۆکێك دا نەگەیشتوومەتە ئەنجام کەچی زەنگی پشوودان لێی داوە بەڵام منداڵەکان بە ئیلحاحەوە ناچاریان کردووم بۆیانی تەواو بکەم.

چۆن بیرۆکەی چیرۆکی منداڵان هەڵدەبژێرین ؟

بیرۆکەی چیرۆکی منداڵان هەرچەندێ پتەوو شیاو بێ ناتوانێت نیشان بپێکێت ئەگەر لەلایەن یەکێکی شارەزاو و لێ هاتووەوە نەرێژرێت. «ئەوەیشی لەگەڵ منداڵ دا مامەڵەی نەبێت چی وەکو باوك و دایك چی وەکو مامۆستا ناتوانێت بە تەواوەتی بخزێتە نێو جیهانی منداڵانەوە، ئەم ئەرکە گرنگەش بەزۆری مامۆستایانی منداڵان دەتوانن لێی سەرکەوتووبن»[2]

چیرۆك نووسی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە بیرۆکەکانی لە واقیعی منداڵانی وڵاتەکەیەوە هەڵدەبژێرێت ئەوەکو چیرۆکێك بهێنێتەوە بۆن و تامی نامۆیەتی بچێت بە گژ خوێنەرەکەیدا چونکە لەم حاڵەتەدا وەکو ئەوەی لێ دێت لە جیاتی شەمامە گوژاڵك یان بەدمیت بەدەستەوە. دەبێ بیری چیرۆکی منداڵان لە حاڵەتە گشتییەکانی مرۆڤایەتییەوە وەربگیردرێت وەکو: دۆستایەتی. خۆشەویستی (بەهەموو جۆرەکانیەوە). پاڵەوانیەتی. ئازادی.. هتد»[3] چونکە چاندنی ئەم سیفەتانە لە دڵ و دەروونی منداڵ دا ئەنجامێکی ئیجابی دەبێت لە پاشە رۆژدا. «چیرۆك نووسی منداڵان دەبێت بیری چیرۆکەکانی لە ئەزموونی خۆی و رووداوە راستەقینەکانەوە هەڵبهێنجێنێت. هەر

وەهـا دەبێت مەبەستێکی لەدواوە بێ. کاتێکیش دەچێتە سەر کاغز پێویستە ببێت بە پردێك لە نێوانی واقیع و پاشە ڕۆژدا بۆ ئەمەش دەبێ لایەنی مرۆڤایەتی بەسەریدا زاڵ بێ وەکو: ڕاستگۆیی. دڵسۆزی. خۆشەویستی خاك و نەتەوە.»[4] لەگەڵ گشت ئەمـانـەش دا دەبێت لایـەنی زانیـاریو تەکنەلۆجیای هاوچەرخی تێدا لەبیر نەکرێت.

هەر وەهـا هەوڵی ئەوە بدرێـت سوود لە کەلەپـووری نەتەوەکەشمان وەربگیردرێت.

«دەبێت چیرۆك نووس بە شێوەیەکی وا چیرۆکەکانی بنووسێت ڕەنگدانەوەی ئارەزووەکانی ئەو کەسانەی تێدا بەدی بکرێت وا بۆیـان نووسراوە (ئـەم جۆرە نووسینـانـەش لە ئەنجـامی هەڵبژاردنی بیرۆکەی چیرۆکەکەوە دیتە گۆڕی ـ نووسەر)[*] لەم بارەوە زەکریا ئامر دەڵێت:

«هـەردەم هەوڵی ئەوەم داوە چیرۆکەکانم بکەم بە زەمینەیەکی پتەو بۆ ئەوەی منداڵ بتوانی بە سەریەوە خۆی ڕابگرێت تاوەکو بە هۆیەوە دۆست و دوژمنی خۆی لێك جیابکاتەوە.»[6]

مەبەست لە نووسینی چیرۆکی منداڵان چییە؟

لەبەر ئەوەی منداڵ ئاوات و هیوای دوا ڕۆژمانە جا بۆیە دەبێت زۆر بەشـارەزاییو هونـەرمـەنـدانـەوە بە پەیبیانەوە بچین و دەستیان بگرین.. بۆ ئەوەی لە دەوروبەری خۆیان بگەن و زیاتر بخزێنە نێو ژیانەوە تاوەکو ئەزموونیان پتەوترو دەوڵەمەندتر بێ، هەڵبـەتـە ئەم شتـەش فێری خۆشـەویـستـیو برایـەتیو دڵسـۆزیـان.. دەکـات. ساغیش بۆتـەوە ئەم سیفـەتانە زۆر بەئاسانی بەهۆی چیرۆکەوە لای منداڵ دەروێت و پەرەش دەسێنێت.

مەبـەستی سەرەکیش لە چیرۆکی منـداڵان ئەوەیـە منداڵ بە هۆیەوە پەی بەشتە نهێنیو شاراوەکانی دەورو بەریو جیهان دەبات.

ئەو مەبەستانەش وا لە پێناویان دا چیرۆکەکان دەنووسرێن لەم خاڵانەدا کۆدەبنەوە:

١ـ چونکە منداڵ هەڵگری ئومێدو ئاواتی دوا ڕۆژمانن.

٢ـ تاوەکو منداڵ فێری بەزەیی هاتنەوەو دڵسۆزیو ئازایەتیو سیفەتە باشەکانیان بکەین.

٣ـ تاوەکو بەهۆی ئەو نووسینانەوە منداڵ لە سیفەتە خراپەکان دوور بخەینەوە.

٤ـ أ ـ لەبەر ئەوە بۆیان دەنووسین تاوەکو نووسینەکانمان باڵا بە (ئاوەز. سۆز. هەڵچوون ویژدان. زمان. جوانی.. زەوق...) یان بکات

ب ـ بۆیـە بۆیـان دەنـووسـین تاوەکـو بتـوانـین بە هۆی نووسینەکانمانەوە ئەو بەهرانەی وا هەیانە دابتاشرێن و بتەقنەوە.

جـ ـ نووسینەکانمان دەبێت ڕایان بهێنێت لەسەر ئەوەی چۆن چێژ لە جوانی (الجماليات) وەردەگرن»[7]

بۆچی منداڵ چیرۆکی بەلاوە خۆشە؟

منداڵ زۆر حەز بە (گوێ گرتن ـ خوێندنەوە)ی چیرۆك دەکات. بەوبێ وەکو خواردن ڕۆژی سێ جەم بگرە زیاتریش بە چیرۆکی خۆش و بەتام بیروهۆشی پاراو بکرێت. من ئەم دیاردەیەم زۆر بەزەقی بەلای منداڵانـەوە تێبینی کردووە، جا بۆیە هەمیشە هەوڵم داوە دڵ و دەروونی (قوتابییەکانم هەر وەها منداڵەکانی خۆمیش) بەم جۆرە چیرۆکانە فێنك بکەمەوە. ڕاکردن و پەرۆش بوونی منداڵ بەدوای چیرۆك دا دەگەڕێتەوە سەر یەکێك لەم هۆیانە:

١ـ ئارەزووی پەی بردن بەشتە نهێنییەکان.

چیرۆك بەلای منداڵەوە وەکو جۆرە کلیلێکی ئەفسووناوی وایە بە هۆیـەوە دەتـوانێت دەرگـای کۆشکە تەلیسماویەکان بکاتەوە. کاتێ ئەو دەرگایەشی بۆ دەکرێتەوە ئیتر بە جوانی شتە سەیرو نهێنییەکانی ئەو دیوی دەرگاکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە. لەوانەیە چاوی بەشتی وا بکەوێت لەمەڵبەندەکەی خۆیدا نەبێت، جا بەم پێیە دەتوانین چیرۆك بەسەرچاوەی تێرکردنی ئارەزووەکانی منداڵ دابنێین. هەروەها هاندەرێکی فرە کاریگەریشە بۆ فێر بوون و شارەزایی.

٢ـ چڕ بوونەوەی خەیاڵ:

منداڵ بۆیە حەز بە چیرۆك دەکات و مێشی ئارەزووی بەدەوری شیلەیدا گێنگڵە دەکات چونکە لەم جیهانەدا (جیهانی چیرۆکی منداڵان) بوارێکی فرەوان بەدی دەکات بۆ فرینی مەلی خەیاڵی.

٣ـ منداڵ بۆیە حەز بە چیرۆك دەکات چونکە هەست و سۆزی دەبـزوێنێت. چیرۆکی سەرکـەوتـوو وەکو ئەو پەنجە ناسك و شارەزایەیە وا تەلی هەست و سۆزی منداڵ دەبزوێنێت و زۆر بە باشیش تێکەڵی ڕووداوەکانی نێو خۆیی دەکات. لەگەڵ خۆشیو سەرکـەوتنی چیرۆکـەکـەدا دڵەفرکێی شادمانی پێدەکەوێت. لەگەڵ ناخۆشییەکانیشیدا سیمای دەگۆڕێت.

جاری وا هەبـووە لەکـاتی گێڕانـەوەی چیرۆکێـك دا چەنـد قوتابییەك کانیاوی چاوەکانیان تەقیونەتەوەو دەستیان کردووە بە گریان. یا بە پێچەوانەوە بە پێکەنین و چەپڵەلێدان پاڵەوانی چیرۆکەکەیان پێشوازی کردووە.

٤ـ منـدالْ بۆيـە چيرۆكى خۆش دەويْت چونكـە بە هۆيـەوە شارەزاييەكى باشى دەست گير دەبيْت دەربارەى خورسكى ئەو شتانە وا لە ژيان دا هەيە.

«چيرۆك چى سووديْك بە مندالْ دەگەيەنيْت»؟

چيرۆكى باش و سەركـەوتوو ئەم سوودانەى لاى خوارەوە بە مندالْ دەبەخشيْت:

١ـ منـدالْ ئەگـەر هات و بەهـەمـوو هەست و نەستى‌يـەوە تيْكەلاْوى چيرۆكيْك بوو ئەوە دەتوانيْ خودى خۆى لە تۆولۆى ئەو چيرۆكەدا بدۆزيْتەوە، چونكە لەم حالْەتەدا هەنگاوى پر لە جورئـەت دەهـاويْت بۆ پيْشـەوە. ئەمەش ئەوجۆرە چيرۆكانە دەتوانن بە دى‌بهيْنن وا بەشيْوەيەكى هونەريانە دادەريْژريْن. لەم حالْەتەش دا مندالْ (خويْنەرى چيرۆكەكە) بەرەو جيهانيْكى پر لە خەيالْ بالْ دەگريْتەوە.

٢ـ چيرۆك هۆيـەكى گەلەك گرنگـە بۆ تيْرو تەسـەلا كردنى ئارەزووى يارى‌كـردن بەلاى مندالْەوە چونكە دەتوانريْت ئەو چيرۆكانە بكريْن بەيارى. بۆ نموونە كاتى چيرۆكى (تيشك)م[٨] بۆ كورە بچووكەكەم خويْندەوە ئەو يەكسەر هەستا ئاويْنەيەكى گرت بە دەستـەوەو دەستى‌كرد بەتيشك هاويشتن بۆ نيْو ئەو ژوورەى وا ليْى دانيشتبووين.

٣ـ منـدالْ بەهـۆى چيرۆكـەوە شارەزاييـەكى چاكى دەست دەكـەويْت لەبـارەى كەلەپـوورى ميللەتـەكـەيـەوە. هەر ئەم شارەزاييـەش دەبيْتـە كليليـك و دەرگـاى نهيْنى‌يـەكـانى دەوروبەرى بۆ دەكاتەوە. جا بەم شيْوەيە پەردە لەسەرئەو كارە مەزنانە لادەبريْت وا پيْشينان پيْى هەستاون.

٤ـ چيرۆكى سەركـەوتـوو دەبيْتـە كۆتـريْك و ئەو مندالْەى وا دەيخويْنيْتەوە يا گويْى ليْ دەبيْت بەسەر بالْەكانيەوە گەشتى پر خەيالاْوى خۆى ئەنجام دەدات.

٥ـ منـدالْ بەهـۆى چيرۆكـەوە هۆشيـارى پەرە دەستيْنيْت و ميْشكى دەكريْتەوە چونكە ئەو وشەو زاراوە تازانە وا بۆ يەكەم جار گويْى ليْدەبيْت دەبنـە چەنـد مەلۆيـەك و دەخريْنە سەر فەرهەنگى قسەكردن بەلايەوە.

٦ـ چيرۆك بەيەكيْك لەو هۆيانە دەژميْرديْت وا بيروهۆشى مندالْ دەورووژيْنيْت بۆ پەى بردن بەشتـە شاراوەكـانى دەوروبـەر «چونكە مندالْ زۆر بەسووكى‌و ئاسانى دەچيْت بەرەو گۆرانكارى.

جا ئيْمەش دەبيْت شتيْكى وا بكەين رەوتى ئەو چوونەى بەرەو سەركەوتن بەرين تاوەكو توانا جۆراو جۆرەكانى دەست بكەن بە نماو گەشەكردن.»[٩]

٧ـ لەبەر ئەوەى چيرۆك بەسودترين خواردەمەنى زانراوە بۆ بيرو هۆشى منـدالْ جا بۆيـە دەبىْ چيرۆكـەكـانيـان لە [illegible]ون و خەيالْيانەوە نزيك بىْ بۆ ئەوەى وەكو شەمالْيْكى بىْ گەرد چاوى خەوا لْوويان بكاتەوە.

٨ـ لەبـەر ئەوەى چيرۆك شانـەكـانى تيْگـەيشتنى مندالْى پىْ پەروەردە دەكريْت ئيتر بە هۆيەكى پيرۆز دەزانريْت [illegible] مەبەستە.

٩ـ نووسـينى چيرۆك بۆ منـدالاْن فيْرى خويْنـدنـەوەى [illegible] دەوامى‌يـان دەكـات. «ئـاشكراشە ئەم خويْنەرە بچووكانەى ئەمـرۆ خويْنـەرى گەورەى سبەو دوون. خووگرتنيش لەسەر خويْندنەوە لە خويْندنەوەى مندالاْنەوە دەست پىْ دەكات.»[١٠]

«زەمانى نووسين لە چيرۆكى مندالاْن»

ئيْمە كاتىْ بۆ مندالاْن دەنووسين پيْويستە لەسەرمان ئاگامان لە هەست و نەستيان بىْ.. سۆزو ئارەزوويان پىْ شيْل نەكەين. دەبيْت نووسينـەكـانمـان بەو زمـانە سادەو بىْ گريْيە بن كە مندالاْن لە نيْو خۆيان دا قسانى پيْدەكەن. هەر وەها دەبيْت لە هيْنانەوەى وشەو زاراوەى ناوچەيى دووربكەوينەوە.

هەولْى ئەوەش بدەين بەو جۆرە بۆيـان بنـووسين وا لە كتيْبى قوتابخانەكان دا پەيرەوى دەكريْت.

«ويْـراى ئەمـانـەش دەبىْ دوور بىْ لە هەلْەى زمـانـەوانى‌و ريْنـووسى».[١١] مـەبـەستى سەرەكيش ليْرەدا ئەوەيە مندالْ بە كوردى‌يەكى خاويْن قسە بكات و بنووسيْت.

ئەو چيرۆكـەيشى بۆ منـدالْ دەنووسريْت نابيْت شل و شاوى‌و دريْژدا درى تيْدا بەدى بكريْت.

هەروەها «لەكاتى نووسين دا بۆ مندالاْن گەرەكە:

١ـ سـەيرى سامانى زمانەوانى مندالاْن بكريْت و ئەوەى تىْ دەگەن و زۆرترى بەكار دەهيْنن ئەوان هەلْبژيْردريْن.

٢ـ زيـاتـر ئەو وشـەو رستانە بەكاربيْت كە وشەگرانەكان بۆ قوناغى دواترى پيْگەيشتنيان هەلْبگيريْت.»[١٢] «ئەو چيرۆكەى وا بۆ مندالْ دەنووسريْت دەبىْ ئەوەندە جوان و بريقەدارو پر واتا بىْ لەدور را پەپولەى ئارەزووى مندالْ راكيْش بكات «ئەمەش لە كاتيْك دا ديْتە دى چيرۆكەكە بىْ گرىْو گۆلْ بىْ بۆ ئەوەى رامان و تيْفكرينى مندالْە خويْنەرەكە بەرەو ئاسۆيەكى رووناك پەل كيْش بكات.»[١٣]

«جۆرەكانى چيرۆكى مندالاْن»

چيرۆكى مندالاْن بە پيْى قوناغەكانى تەمەنيان دەگۆريْت. جا بەم پيْى‌يە دەتوانين چيرۆكەكانيان بكەين بەم بەشانەوە:

١ـ قوناغى (٣ـ٥) سالْى:

لەم قۆنـاغـەدا ئەو چیرۆکـانـە بۆ منـدالان دەنـووسرێت یا دەگـێردرێتـەوە وا منـدال پاڵەوانەکەیی بەلاوە ئاشنایە وەکو: چیرۆکی پشیلە و مشك. مریشك چۆلەکە.
بووکە شووشە...

٢ـ چیرۆکەکانی قۆناغی (٥ـ٩) ساڵی.
لەم تەمەنەدا مندال زیاتر حەز بە چیرۆکی خەیاڵی دەکات وەکو: دیو و درنج. ئەسپی باڵدار. ئۆنگوستیلەی سیحری. لەگەڵ ئەم چیرۆکانەدا خەیاڵی باڵ دەگرێت و دەکات بەدورگەی مەبەستی. لێرەدا دەبێ مندال تێ بگەیندرێت کەوا ئەم جۆرە چیرۆکانە لە راستی‌یەوە دوورن.
٣ـ چیرۆکەکانی قوناغی (٩ـ١٢) ساڵی
لەم قۆنـاغەدا مندال هەست بەهێزو توانای خۆی دەکات جا بۆیە دەبێت چیروکەکانی ئەم قۆناغە بریتی‌بن لە:
أـ چیروکی پاڵەوانیەتی: وەکو باس کردنی ئەو پاڵەوانانەی وا جۆرە ئیشێکی مەزنیـان راپەڕاندووە وەکو: «دوانزدە سوارەی مەریوان شیخ محمودی نەمرـ ڕۆستەمی زال..)
ب ـ چیرۆکی مێژوویی:
کردنی مێـژوو بەسـەرچـاوەو هامیـانی چیرۆك لەم قوناغەدا مەرجێکی سەرەکی‌یـە بۆ ئەوەی نەوەی ئێستـامـان لەگـەڵ مێژووی دێرینمان دا پەیوەندی‌یەکی نەپچڕاوی هەبێت.
وەکـو «مێـژووی خانی لەپ زێڕین و قەڵای دمدم خانزاد و لەشکری.. پاشای ڕەواندووزو جەنگەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی‌دا ...هتد»
٤ـ چیرۆکەکانی قۆناغی (١٢ـ١٥) ساڵی
چیروکەکانی ئەم قۆناخەش دەبێت بەدوو بەشەوە:
أـ چیروکی زانیاری: وەکو چۆنیەتی گەیشتنی مرۆڤ بەمانگ و ئەستێرەکان. دۆزینەوەی هێزی کارەبا..
ئەمانەو گەلێشتی تری لەم چەشنە.
ب ـ چیرۆکی ئەنـدیشـە (الخیال). مندال لەم قۆناخەدا گەلێ پێـویستی بەم جۆرە چیرۆکانە هەیە چونکە لەوەتی بیروهۆشی چوزەرە دەکێشێت دەست دەکـات بە بیرکردنەوە لە چۆنیەتی نهێنی‌یەکانی دەوروبەری هەر چەندیش دەکات ناتوانێ وەلام .ە ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە وا لەناخی‌دا ئەوتیان خواردۆتەوە.
«بـە‌ڵام کاتێ ئێمـە بەهـۆی چیرۆکی خەیاڵی‌یەوە کەروێشکی خەولی د‌وتووی بیرو هۆشی وریا دەکەینەوە ئیتر ڕۆژ بەڕۆژ ئەم جیهـانـەی لە پێش چاو تازەتر دەبێتەوە. هەر خەیاڵیشە هێز دەخاتە مۆخـ ێسکە نەرمەکانیانەوە. بۆ ئەوەی بتوانێت پەی بەنهێنی‌یەکانی گەردوون و دەورو بەریان بەرێ‌و گۆرانیان پێدا هەڵدات»[١٤]
٥ـ چیرۆکەکانی قۆناخی (١٥) ساڵی واتە قوناخی هەرزەکاری.
لەم قونـاخـەدا منـدال ئەو منـداڵەی جاران نامێنی بەڵکـو فسیۆلۆجیەتی بەتەواوەتی دەگۆڕێ. بەزۆریش حەز لە چیرۆکی دڵداری دەکات. جا پێویستە ئەو چیرۆکانەی وا بۆ ئەم قۆناخە دەنووسرێن تەعبیر لە خۆشەویستی پاك و خاوێن بکەن.
«وێڕای ئەمەش دەبێ کەلەپوور بکرێت بەهامیانی چیرۆکی ئەم قۆناخە بەزوریش هەوڵ بدرێت..
چیرۆکـەکـانی ئەم قۆناخە بەهامیانی برایەتی‌و خۆشەویستی بناسێندرێت بۆ ئەوەی خوێندرەکەی بتوانێت بەرانبەر زوڵم و زۆرداری بەرانگار ببێتەوەو شانیش بدات بەشانی حەقەوە.»[١٥].

پەراوێزەکان

١ـ الدکتور. رشاد رشدی ـ فن القصه القصیره. ط[٢] دار العوده ـ بیروت ـ ١٩٧٥. ص (١٤).
٢ـ لورنس. جی. توماس ـ معنی التقدم في التربیة التربیة والاشراف ١٩٤٦ـ١٩٩١ /٣
٣ـ اسمـاعیـل ڕۆژبەیانی ـ کۆمەڵە چیروکی (شەمشەمەکوێرە) چاپخانەی ئەمانەتی گشتی ڕۆشبیری و لاوان ـ ١٩٨٨
٤ـ دکتور / عمر الطالب القصه القصیره الحدیثه في العراق مطبعة مؤسسه دار الکتب للطباعه و النشر ـ جامعه الموصل ١٩٧٩ ص (١١١).
٥ـ الموسوعة الصغیره (١٣٩) القصه البولیسیه ـ ترجمه / الدکتور علي القاسمي ـ دار الحریه للطباعه بغداد ١٩٨٤. ص (٢٣)
٦ـ د. عبدالعزیز المقالح ـ الوجه الضائع ـ دراسة عن الادب و الطفل العربي / طبع بمطابع دار الشؤون الثقافیة العامه وزاره الثقافه والاعلام ـ بغداد ـ ١٩٨٦ ص (٣١)
٧ـ محمد مصطفی یحیی ـ المعلم الجدید ـ الجزء الثاني مایس ـ ١٩٧٤ ـ ص (٢٢).
٨ـ اسماعیل ڕۆژبەیانی ـ کۆمەڵە چیروکی شەمشە کوێرە.
٩ـ دي. جی. کورنورو ـ مقدمة في فلسفة التربیه ـ ترجمه . د. محمد سیف الدین فهمي ـ ص (١٢٩ ـ١٣٩)
١٠ـ د. عبدالعزیز المقالح ـ الوجه الضائع.
دراسة عن الادب و الطفل العربي ـ طبع فی مطابع دار الشؤون الثقافیه العامه ـ وزاره الثقافه و الاعلام ـ بغداد ـ ١٩٨٦ ص (٣١)
١١ـ د. عمر الطالب ـ القصه القصیره الحدیثه في العراق. ص (١١١)
١٢ـ عبدالرزاق بیمار ـ سەرەتایەکی ئەدەبی مندالان نووسەری کورد ژمارە (٣) ١٩٨٣ ل (٢٣)
١٣ـ ابراهیم عبدالله غلوم ـ القصه القصیره في الخلیج العربي الطبعة الاولی ـ مطبعه الارشاد ـ بغداد ـ ص ٣٧٧ سنه الطبع غیر موجود.
١٤ـ ماریان بیسر ـ التنشئة العلمیه ـ ترجمه محمد سلیمان الدار المصریه للتألیف و الترجمه ـ القاهره ـ ١٩٦٦ ص (٤١)
١٥ـ هادي نعمان الهیتی ـ
ادب الاطفال ـ فلسفته ـ فنونه ـ وسائطه منشورات وزاره الاعلام ـ دار الحریة للطباعه ـ بغداد ١٩٨٧ ص (١٩٨).
١٦ـ ئەزموونی (٢٧) ساڵی مامۆستایەتی خۆم.

o